پێویستە ڕۆژنامەگەری کوردی یادی ئەو ڕۆژانەبکاتەوە کە پۆلیس و ئاسایش ڕۆژنامەنوسی ئازادیان داوەتە بەرشەق و زلە، یادی ئەوڕۆژانە بکەنەوە کە پیاوانی حیزب بە تەلەفۆن هەڕەشە لە ڕۆژنامەنوس و ڕۆژنامەنوسان دەکەن.

ئاسۆ جەبار: ئەم یادە یادی سەرکەوتن نیە، بەڵکویادکردنەوەی حیزب، یادی داگیرکردنی ڕۆژنامەگەری یە لەلایەن حیزبەکانەوە، یادی درۆگەورەکانە، یادی قسە زلەکانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و عەسکەری هەردوو حیزبی دەستەڵاتە، یادی چەپڵە ڕێزان و درۆ و یادی ڕێزنەگرتنە لەهیچ شتێك.

ئەتا کەریم:"یادی ڕۆژنامە گەری کوردی حەقە ئەم یادە بیستو پێنج ساڵ یان دە ساڵ جارێك بێت
هەڤپەیڤینی: ڕێژین ابراهیم
rezhen@maktoob. Com

لە یادی ڕۆژنامە گەری کوردیدا دوای ئەوەی (108) ساڵ تێپەر بوون بە سەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە لە 1898/4/22 دا لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانیەکانەوە دەرچوو، بێ گومان هەموو ساڵێك بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی بنەماڵە بەدرخانیەکان و هەروەها یاد کردنەوەی یادی ڕۆژنامەگەری کوردی لەپێناوی ئەو نوسەرانەی کە لەڕابردوودا توانیان بە دەست و قەڵەمە ڕەنگاڵەکانیان شۆرشێکی گەورە هەڵبگیرسێنن لەومەیدانەدا چەندین رەخنەی شۆرشگێرانە هاتە کایەوە، دیارە ساڵانێکی زۆرە ئەم ڕیورەسمی یادکردنەوەیە دەکرێتەوە لەکوردستان، بەبێ گۆرانکاری بەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەگەری کوردی لەکوردستان هەمو ساڵ بەهەمان ئاراستەو کاری بۆدەکرێت ئەم ساڵ چۆن بەرێوە دەچێت وە ساڵێکی تر چۆن بەرێوەدەچێت، لێرەدا من دەمەوێت یادکردنەوەی ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی زۆر بەکۆنکرێتی باسی لێوە بکەم، وەك ئاشکرایە لە وڵاتی خۆمان واتە کوردستان زۆرمان حەز لە یادکردنەوەی شتەکانەحەزدەکەین هەمیشە لەپێناوی هیچا کار بکەین هەر لە جەژنی لەدایك بوونمان هەتا بۆئەو یادە گەورەکانی کە وڵات یاخود خودی دەستەڵات ئەو ڕۆژە دیاری بکات بۆ ئەو مەسەلەیە کەیاد بکرێتەوە، ئەگەر سەیری رابردوو بکەین لەدووای راپەرینەوە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو رادیۆو تەلەفیزۆن ئیتر ئایا حیز بێ بێت یان ئەهلی منحەقی ئەوەم نیە کامیان بە ئاکتییڤی کاریان کردووە یان کامیان خراپ کاریان کردووە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە دەمەوێت قسە لەسەر بوونی ئەو یادە بکەینەوە کە ئایا بکرێت هەموو ساڵێك یان نا؟؟دەپرسم ئایا ئەم یادانە بکرێتەوە هیچ سودێك یاخود ئاراستەیەك دەگۆرێت لەبواری ڕۆژنامەگەری و بەهەمانشێوەش بۆ ئەو بوارانەی تر، هەموو ساڵێك کۆمەڵێك نوسەران بانگێشت دەکرێن بۆ ئەو یادە بەڵام دەبێت ووتارێکی ئەکادیمی یان ڕۆشنبیری تەرح بکرێت نەك لەپێناوی سەفەرکردنی پارەیەکی زۆر لەسەر میلاکی حکومەت و گۆرێنی ئاو هەوایەك بێت، من وەك شەخسی خۆم پێم وایە ئەم یادانە مجرەد سەرف کردنی کولفەیەکی زۆر پارەیە لەداهاتی حکومەت، پێش ئەوەی ئەم ریپۆرتاجە ئامادە بکەم چوومە لای نوسەرێکی بەتوانی کورد کە ئامادە نەبوو قسە بکات چونکە ئەو بەس باوەڕی بەم یادە نەبوو ووتی "ئەو کولفەیەی کەهەموو ساڵێك سەرف دەکرێت کە هیچ جێگەیەك ناگرێت باشتر وایە سەرف بکرێت بۆ شوێنێك یاخود پرۆژەیەکی پێ تەواو بکرێت لەکوردستان باشترە "، لێرەدا فاکتەرێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە ئێمە چۆن بتوانین دەسەڵات ناچاربکەین گوێمان لێبگرێت نەك هەموو سالێك هەر یاد بێت بەس لەدووای ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی ڕۆژنامەنوسان توشی لێدان و ئەشکەنجە ببن، بێ گومان نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی دەستەڵات لە پێناوی چاکسازیدا، ئێمەی دەستەڵاتی چوارەم ئەگەر دەستەڵاتێکی

وەهامان بدرێتی لەلایەن دەستەڵاتو حکومەتەوە بەشێکی زۆری ئەو گەندەڵیانە ی کە لەئێستادا کۆمەڵگای کوردی توشی بووە چارەسەر بکرێت و راستیەکان ببینرێت ئیدی ڕۆژنامەنووس لەلایەن بەرپرسانەوە بەجاسوس لەقەلەم نادرێت و دەتوانین گەندەڵییەکانی حکومەت چارەسەر بکەین، لێرەدا من هیچ قسەیەکم نەما ئێستاش لەدیدو بۆ چوونەکانی نوسەرو رۆشبیرو ڕۆژنامەنوسەکانمانەوە کە چۆن باس لە بیرو راکانی خۆیان دەکەن

**ئاسۆ جەبار / نوسەر و شاعیر**

ئازیزان سەرلەبەری یادو بۆنەو ڕێو رەسمەکان لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا ساختە و ساختەکارین و پڕن لەدرۆو بی ئاگایی، هاوکات ئەم یادەش زادەی ئەو یاد و بیر خستنەوە ساختەکاریانەی کە مرۆڤەکانی پی گومرا دەکری و خەڵکی پی هەڵئە خەڵتێنرێت، لەراسیتدا ڕۆژ نامەگەری کوردی لەسەرەتادا هەناسەیەکی نوإَ و هەولێکی جدی بووە، بەڵام دواتر ئەم بوارە تەرخانکراوە بۆ سیاسەت و حیزبایەتی و دیکتاتۆر و جوانکردنی دەستەڵات و ماکیاجکردنی ڕووی ناشرین و ڕوی فیچزەونی دەستەڵات لەعێراف و لەکوردستان دا.

ئێمە لەکاتیچك ڕەخنە دەگرین، مانای ئەوەنیە سەرلەبەری ئەو هەوڵە جدیانەش یەکسان بکەینەوە بەهیچ، نە حێر کۆمەڵێکهەوڵی جدیش لێرەوەلەوی لەئارادان و دەور کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام قسەی ئێمە لەسەر کەمتەرخەمی و بی ئاگایی و نابەرپرسیارێتی ڕۆژنامەگەری کوردی یە، هاوکات یادکردنەوەش نایەتە ئەوەی ئێمە بواری ڕۆژنامەگەریمان زۆر سەرکەوتووە نەخێر ئەم یادە یادی سەرکەوتن نیە، بەڵکویادکردنەوەی حیزب، یادی داگیرکردنی ڕۆژنامەگەری یە لەلایەن حیزبەکانەوە، یادی درۆگەورەکانە، یادی قسە زلەکانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و عەسکەری هەردوو حیزبی دەستەڵاتە، یادی چەپڵە ڕێزان و درۆ و یادی ڕێزنەگرتنە لەهیچ شتێك، لەراستیدا پێویست ناکات هیچ شتێك لەم وڵاتە یادبکرێتەوە لەبەرئەوەی سەرلەبەری بوارە ڕۆشنبیری و هونەری و میدیایی و شارستانیەکان لەسەر حیزبەکان دا دابەشکراوە، ئەم دابەشکردنەش زادەی دنیابینیەکی جاهیلانەیە بۆ داگیر کردنی ژیان و دا خستنی کۆمەڵگەو فەرهەنگ و گۆرانکارییەکان.

دابەدابەش بوونی تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری بەسەر یەکێتیو پارتی و کۆمەڵێك حیزبی بچوك دا لەجەهەلێکی گەورەوە سەرچاوە دەگرێت و من بۆ خۆم چاوەڕوانی هیچ گۆرانکارییەکی جدی نیم لەم کەلاوە بەناو مەعریفیەدا، بەڵاَم کۆمەڵێك هەوڵی جدی و کاراکان کەبونەتە دامەزراوە ڕەخنەیی و ڕۆژنامەگەری وەك ڕۆژنامەی ئاوێنەو هاولاتی و هەواڵ و هەندێك سایتی ئینتەرنێت، هاوکات حیزب هەر بەم سیاسەتەوە راناوەستێت، بەڵکو کار دەکات بۆ شێواندنە ڕۆژنامەگەری و بواری ڕۆشنبیری و فەرهەنگی بەوەی کەپارەیەکی زۆر تەرخانکردووە بۆ ئیفلیجکردنی دەزگا ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکان و ناشرینکردنی ناوی سەربەخۆو ئازاد.

بەڵام من ئەمەوێت لەکۆتایدا بڵێم پێویستە ڕۆژنامەگەری کوردی یادی ئەو ڕۆژانەبکاتەوە کە پۆلیس و ئاسایش ڕۆژنامەنوسی ئازادیان داوەتە بەرشەق و زلە، یادی ئەوڕۆژانە بکەنوە کە پیاوانی حیزب بە تەلەفۆن هەرەشە لە ڕۆژنامەنوس و ڕۆژنامەنوسان دەکەن، یادی ساتەوەختی تێکەڵکردنی حیزب و ڕۆژنامەگەری بکەنەوە یادی بی دەنگی سەندیکای ڕۆژنامەگەری و نابەرپرسیارێتیان، یادی دەزگای کارتۆنی و وەهمییەکانیان بکەنەوە، وەك چۆن یادکردنەوە ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵبجەو وراپەرین و یادی ڕۆژی جیهانی شتەکان ریزکردنی کۆمەڵێك درۆی جوان و قسەی زلن ئاوەهاش یادی ڕۆژنامەگەری کوردی پڕدەکەنەوە لەساختەکاری

**ئەتا کەریم / لێپرسراوی لاپەرە سی ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوی**

"یادی ڕۆژنامە گەری کوردی حەقە ئەم یادە بیستو پێنج ساڵ یان دە ساڵ جارێك بێت، وە بزانرێت ئایا ئەو ماوەیە بزانرێت ئاستی ڕۆژنامەگەری بەرەو کوی ڕۆشتووەیاد کردنەوە چیە کە تۆنەتوانی ئاراستەیەك بگۆڕیت یان ئاراستەیەك دابنێیت، یاخود کرانەویەك دروست بکەیت، یادکردنەوە بۆ ئەوەبێت کە هێلێکی گشتی دابنێت بۆ پەرەپێدانی بواری ڕۆژنامە گەری کوردی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆژنامە نوس شارەزاکردن بە هەموو بوارەکانی ڕۆژنامە نوسی لەوەی کە هەموو سالێك یادێك بکەیتەوە هیچ سودێکی نەبێت بۆ ڕۆژنامە نوس و بۆ ڕەوشی ڕۆژنامە گەری کوردی بەتایبەتی لەم ئاستەدا " هەروەها بەرێزی ئەوی دووپات کردەوە کە ئەم یاد کردنەوانە بەتەنها شتێکی تەقلیدیە و هیچی تر، هەروەها نمونەشی هێنایەوە و ووتی یاد کردنەوەی ساڵی پار چی سودێکی هەبوو تا ئەمساڵیش بکرێتەوە یاخود ئەمساڵ چی سودێکی دەبێت ئایا ئەو بەرنامەیەی کە ساڵی پار دانرا هیچ سودێکی هەبوو!

**پاشان سۆران علی لێپرسراوی لاپەرە یەکی کوردستانی نوی**

"یادکردنەوەی هەموو شتێك پیا چوونەوەیە بەتەمەنی جا ڕۆژنامە یاخود گۆڤار بێت یاخود هەر بوارێکی تر بێت، هەموو سالێك کە یادێك دەبێت بۆ هەرشتێك دەبێت پیایدا بچیتەوە بزانی لەوماوەیەدا چی گۆرانێك هاتووە بەسەریدا، بەرای من ئەو یادکردنەوەیە شتێکی سادە بێت بەس یاد کردنەوەیەکی تەقلیدی بێت نەکرێت باشترە و پێویست ناکات بەرای من کردەوەی لەگەڵ نەبێت کات بە فیرۆدانە، من خۆم وەك ئەوەی کە لە ریورەسمەکانی سالانی تر بۆ بە یادی ڕۆژنامە گەری کوردی هیچ شتێکی وەها بەدی ناکەم.

**هاوکار قادر لێپرسراوی لاپەرە دووی کوردستانی نوی "**

بەبۆ چوونی من هەموو سالێك کە یادەکە دەکرێتەوە ریز لێنانێکە لەبنەماڵەی بەدرخانیەکان بۆ ئەو ئیبداعەی کە کردوویانە، هەروەها لەو یاد کردنەوەیانەی کە کردوویانە هیچ سالێك سیمینارێك یاخود بەحسێکی ئەکادیمی نەکراوە کە بەحسی تیا پێشکەش بکرێت بزانرێت ئایا ئاستی ڕۆژنامەگەری کوردی لەچی ئاستێکدایە ئایا لەئاستی وولاتانی دواکەوتوودایە یاخود لەئاستی وولاتانی ئەوروپاو ئەو وولاتە پێشکەوتووانەیە، یاخود بەراورد بکرێت لەدوای راپەرین لە ڕۆژنامە یاخود تەلەفیزۆن یان رادیۆ چی پێشکەوتنێك دەبینی هەموو سالێك، باوەرناکەم هیچ سالێکرابێت، یان باوەرناکەم ووتارێکی هاوبەش هەبێتبۆوەزعی ئێستای کورد کە بەرامبەر بە عەرەب چیدەکەیت، وە راگەیاندنە حیزبە کوردیەکانیش هەرکەسەو ئیش بۆ حیزبەکەی خۆی دەکات کەواتە لەو نێوەندەدا هیچ کامیان ئازاد نین هەریەکەیان ئاراستەیەکی جیاوازی خۆی هەیەو ئیشی لەسەر دەکات یان بەپێی پرۆگرامی خۆی دەڕوات، هەروەها ئەوانە ئەوەندە لەیەکتر دوور دەوتونەتەوە ئەگەر هاورێیەتیت نەبێت لەگەڵ ئەو کەسەی رێکخەری ئەو یادانەیە هەرگیز لەوباوەرەدانیم هۆڵەکەش بدۆزیتەوە.

**عەدالەت عبدوولە/ نوسەر**

لەراستیدا من باوەرم وایە کە یاد کردنەوەی یەکەم ڕۆژنامەگەری کوردی کوردستان مەسەلەیەکە پێویستە لەبەر ئەوەی ماوەکە دورودرێژە، لەماوەی ئەو ساڵەدا ئەگەر بتوانی لەیادەکەیدا چەند چالاکیەك ئەنجام بدەیت بۆ ئەو یادە شتێکی گرنگە لەبەر کۆمەلێك هۆ، یەکەم شت: ئێمە دەتوانین ئەم یادە بکەین بەیادێك بۆ پێدا چونەوەیەکی ڕەخنە گەرانە بەدۆخی ڕۆژنامەگەری کوردی بەگشتی وەئەتوانین لە ڕێگەی هەندێك ووتارو توێژینەوەی گرنگ هەندێك لایەنی ئەساسی دوخی ڕۆژنامەگەری

کوردی هەڵبسەنگێنین ئەو هەلە بقۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژنامە نوسانەی کە بەشداردەبن لەیادەکەدا ڤفتو گۆی تایبەتی بابەت لەسەر بواری ئەو بۆنەیەبکەن کە لەویادەدا دەکرێت، لەلایەکی تر ئێمە زۆر گرنگە تەنها خۆمان لەجانب ڕابردووی مێژوور ڕۆژنامە گەری کوردی نەدەین باسی سەروەریەکانی ڕۆژنامە نوسانمان نەکەین لە رابردوودا بەڵکو هەوڵ بدەین ئەو کێشە راستەقینانەی کە ئەمرۆ ڕۆژنامەگەری کوردی هەیەتی، وە ئەو لایەنە سلبیانەی کەهەیە لەڕۆژنامەگەری کوردیداوەك دیاردە هەستی پێدەکەین هەموو ئەمانە بکەینە بەشێك لەو یادەی کە ئێمە هەموو سالێك دەیگێرێن، واتە لەهەموو کاتێکدا دەتوانین بڵێین یادی ڕۆژنامەگەری یادێك بێت نەوەك تەنها بۆ باس کردنی شتەکانی رابردوو بەڵکو بۆ باس کردنی واقعی ئەمڕۆی ڕۆژنامە گەری کوردی بەهەموو لایەنەکانیەوە.

**فەلاح کەریم /نوسەر**

لەراستدا سالانێکی زۆرە راهاتوین بەوەی کەسالأنە یادێکی مردووی ڕۆژنامەگەری کوردی بکەینەوە بەبێ ئەوەی بتوانین لەم سالٌ بۆ ئەو سالی یادەکەدا بتوانین پێوانەیەك بۆ ڕۆژنامەکانی خۆمان بکەین ئاستی بەرەو پێش چوونمان و ئاستی بەرەو دواوەمان دیاری بکەین ئەوەش هۆکاری سەرەکە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆژنامە هەتا ئێستا لەدووای راپەرینی سالی (91) یەکەوە ڕۆژنامە ڕۆژنامەی حیز بی بووە بەداخەوە ڕۆژنامەی حیزبی لە دیدو بۆچونەکانی خۆیەوە سەیری هەمووشتەکان دەکات رەنگە زۆر هەواڵی گرنگ هەبێت بەلأم چونکە لە بەرژەوەندی حیزبەکەی تر نیە بلأوی ناکاتەوە ئەوانیش بەهەمان شێوە، ئەوەی دەمێنێتەوە لەو ماوەیەدا کە بەئازادی دەژین نە ڕۆژنامە نوسانو نە سەندیکای ڕۆژنامەنوسان توانیویانە یاسایەکی وا بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنوسان ئازادی رادەربرینیان، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنوسان دووچاری گرتنو ئازارو ئەشکەنجە نەبن توشی لێپێچینەوە نەبن، رەنگە لەرووە سیاسیەکەیەوە بەوە تاوانبار بکرێن کە ئەمانە دژبەو ئەزمونەن کەکورد هەیەتی یان ئەزمونەکە دوژمنی زۆرە نابێت ڕۆژنامەنوسان بەوشێوەیە ئەوە بکەن ن بەلأم بی دەنگی ڕۆژنامەنوسان وای کردوە کە ئەمرۆ گەندەڵی ئیداری لەهەموو بوارەکان لەکوردستاندا گەیشتۆتە لوتکەی خۆی وەئەگەر لێگەرێن ڕۆژنامەنوسان بتوانن کاری خۆیان بکەن بەراست گۆیانە و ترسی نەبێت لەکارەکەی خۆیدا یتوانی زۆرشت ئاشکرا بکات کە حاڵمان بەم حاڵەی ئێستا نەدەگەیشت .

**نەبەز محمد:نوسەر و ڕۆژنامەنوس**

لەیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا پیرۆزیای لەو قەلەمو ڕۆنامەنوسە کوردیانە دەکەم کە بە ویژدانەوە قەڵەمەکانیان خستۆتە کار لەپێناوی بیروارای ئازاد دا گەشەکردنی ڕۆژنامەی کوردی و چەسپاندنی یاساو قانون، یەرەئی من ئەم ڕۆژە گرنگە لەو رەهەندە کە بەراستی هەرچین و توێژێك بگری رۆژێکی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ نمونە رۆژی ژنان رۆژی منالٌ.... . هتد، لەبەر ئەوەی جارێکی تر خۆی بخاتەوە بەر رەخنە ئاورێك لەرابردووی خۆی بداتەوە لەکارەکانی خۆی لەکارەکانی ئەو ساڵە نکاتەوە لایەنی یاشو لایەنی لاوازی خۆی بزانی دەست نیشان بکرێت، بەرای من ڕۆژنامەگەری کوردی بەراستی لێرە ئازادیەکی باش هەیە لەنوسیندا بەلأم هەندێك شت هەیە من زۆر جار لە نوسینەکانیشکدا جەختم لەسەر ئەوە کردۆتەوە ئەو رەخنانەی کە دەنوسرێت تاچەند ویژدانی راستەقینەی بی گومان کەمتر ئەتوانری کاریگەری لەسەر دەستەلات و جەماوەر هەبێت، هەروەها تێبینیەکم لەسەر رۆڵی ڕۆژنامەگەری هەیە ئەوەیە کە ڕۆژنامە گەری کوردی هەتا ئێستا توانیویەتی سترا تیژێکی روونو ئاشکرای لەکارکردندا نیە، من پێم وایە دەبێت ڕۆژنامەگەری کوردی هەوڵبدات بەسێوەیەکی تۆکمەترکاربکات یەبوەندیەکی راستەوخۆی لەگەڵ سەرجەم نوسەراندا راستگۆیانە کاربکەن بی گومان

هەمووکێشەکان چارەسەر بکرێت دوبارە پیرۆزیای لەسەرجەم رۆژنامەنوسان دەکەم لەبادی رۆژنامەگەری کوردیدا

**سەلام عبدوالکریم / نوسەرو**

لەیاڵیادی رۆژنامەگەری کوردیدا دەمەوێت پیرۆزبای لەسەرجەم رۆژنامەنوسانی کوردستان دەکەم بەتایبەتی سەندیکای رۆژنامەنوسان، بی گومان گرنگە لەساڵیادی رۆژنامەگەری کوردیدا ئێمە لەسەر کۆمەڵێك شت بدوێین ئایا تاچەند رۆژنامەگەری ئێمە لەئاستێکی پێش کەوتوودایە هەتا چەند رۆژنامەگەری کورد توانیویەتی ئیشی لەسەر کۆمەڵێك ئامانجی گرنگی خۆی بکات بی گومان ئەگەر بەچاوێکی رەخنە گرانەوە سەیری رۆژنامە بکەین هێشتا ئامانەکانی خۆی نەپێکاوە نەیتوانیوە ئیشی لەسەر ئەولایەنانە خۆیان بکەن بان جی بەجی ی بهێنن دیارە ناکرێت چاولەوەش بپۆشین کە رۆژنامەی باشمان نەبێت، بەلام ئاستی ژمارەی رۆژنامەکەی خۆمان نەیتوانیوە لەچی شوێنێك لەچی دەوا و ئرێك گەندەڵی تیا بێت چارەسەری بکات بەدواداچوونی بۆ بکات، هەروەها لەرووی چەندێتیەوە زۆر رۆژنامە هەیە لەرووی چۆنیەتیەوە کەموکورتی زۆر هەیە رۆژنامەکان وەك رەمزێکی لی هاتووە تاوای لێهاتووە لەسەر ئاستی ناوچە و لەسەر ئاستی هەموو کوردستانیش دەردەچێت، من پێم وایە سەندیکای رۆژنامەنوسان بەرەوشی و بارودۆخی رۆژنامەکانبچێتەوەوە کار بۆئەوەبکات کە رۆژنامە بەگوێرەی کۆمەڵێك یاس و رێسای خۆی دەربچێتوە کار بۆ ئەوە بکات ئەو بی سەرەو بەریەیکە ئەمرۆ لەنوسیندا رۆژنامەنوساندا هەیە من نامەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەم کە ئازادیەکانی رۆژنامەنوسان قەتیس بکەم بەلام گرنگەلەیچوار چێوەیەکی ئەخلاقی رۆژنامەنوسیدا قسەبکەین، وەئەو رۆژنامەنوسە کە قسەدەکات دەربارەی کێشەیەك یاخود رووداوێك رەنگە زۆر جیاواز بیت لەوەی کە کەسێکی ئاسای رۆژان قسەی پێدەکات، بۆیە ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردی هەموو ساڵێك یادکردنەوەی بەم شێوە کلاسیکیە بێت من پێم وایە شێوازێکە ئیجگار سەقەتە یادکردنەوەیەکە کەتوانای گۆرانی نیە بۆیە گرنگە یاد کردەنوەکان یاد کردنەوەیەك بێت توانای گۆرانی هەبێت، وەساڵیادی رۆژنامەگەری دەرقەتێك بیت بۆ بوخۆدا چوونەوەی هەمووو رۆژنامە نوسان لەبوارە کەی خۆیدا زیاتر هەست بەوەبکەن کە ئیش بکەن قورساییان لەسەر بوارەجیاوەزەکانی ژیان هەبێت

**رەهێڵ عەلی / رۆژنامەنوس**

من پیرۆزبای یادی 108 ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی لەسەرجەم رۆژنامە نوسانی کورد دەکەم وە دەست خۆشی لە بنەماڵەی بەدرخانیەکان دەکەم کەتوانیان جارێکی تر دەنگ و رەنگی کورد بگەرێننەوە بەهەموو دنیائەمرۆ بۆتە باو کەیادی هەر شتێك دەکەیتەوە وە زۆرجار باسی لایەنە باشەکانی دەکەن راستە کاری رۆژنامەنوسی و کاری راگەیاندن بەرەو پێش چووە بەلاچم ئەو هەنگاوانەی کەناوەیتی لەگەڵ رەوتی سەردەمدا خاوە چونکە ئەگەر بەوردی لەراگەیاندنی کوردی وورد ببینەوە دەبینین جۆرە تەکنیکێکی نوی ی تیا نیە تەقلیدی زۆر زاڵ بووە بەسەر رۆژنامەگەری کوردیدا چونکە پێش کەوتنی دەبێت هەموو لایەنە کانی رۆژنامەگەری بگرێتەوە، حاڵەتێکی دیکە هەیە من پیم خۆشە ئەم ساڵ یادکردنەوەی رۆژنامەگەری کوردیەو شیوە تەقلیدیە بەخۆیەوەنەبینی تا بتوانی خۆی لی بپارێزێت، هەروەها رۆژنامەی کوردی تائێستا ناڵێم نەیتوانیوە وەك پێویست کێشەکان بخاتە روو بەعەکسەوە توانیویەتی بەلام زۆر جار هەندێك رۆژنامە وەك خەبەر یان وەك هەواڵ دایدەبەزێنی بەلام بەدواداچوونی بۆ ناکات، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە لەسەر شێوازی نوسین، بۆنمونە من رەخنە لەوەزارەتێك دەگرم ناکرێت وەزارەتەکە دلگران بێت بەڵکو دەبێت دڵخۆش بێت کە من دڵسۆزیم لەسەری دەنوسم یاخود من کۆمەڵێك گەندەڵی دەردەخەم لەناو وەزارەتەکەدا چونکە ئەگەر من ئەو

گەندەڵیەم دەرخست و چارەسەریان کرد کەواتە من کاریکی باشم کردوە توانیومە چاکسازی بکەم لە وولاتدا

**بەهار خوارەحم / ڕۆژنامەنووس**
سەرەتا پیرۆزبای لەسەرجەم ڕۆژنامەنوسانی کوردستان و بەتایبەتی بنەماڵەی بەدرخانیەکان دەکەم لەساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا کەبەراستی جی دەستیان دیار بووە، دیارە ئەمرۆ ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە ی جۆراوجۆر دەکەوێتە بەردەست خوێنەرانی کوردەوە رەنگە هەندێك جار ئەو ڕۆژنامانە دڵخۆشکەر بێت، رەنگیشە ئەوەندە کاریگەری لەسەر دەستەڵاتو هاوڵاتی نەبیت بەگوێرەی پێویست، چونکە زۆر بەی ئەو روداو کێشانەی کە بڵاوی دەکەنەوە وەك خەبەر دای دەبەزێنن لە لاپەرەی ڕۆژنامەکاندا بەڵام بەبۆچوونی من گەران بەدوای ئەو زانیاریانەی کەدەستمان دەکەوێت یاخود بەدواداچوونێکی ووردی بۆ بکەین بەبروای من ئینجا ئەو کاریگەریەی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا، وە یادکردنەوەی ئەم بۆنەیە شتێکە چاولێکەریە و هیچی تر چونکە تائێستا گۆرانێك رووی نەداوە لە بواری ڕۆژنامەگی ریدا دووبارە پیرۆز بای لە سەرجەم ڕۆژنامەنوسان دەکەم بەبی جیاوازی



